کوردستانێکی ئازاد — گەلێکی یەکسان

پێشەکی :

هاوبیرانی بەڕێز .....

ئەم چەند لاپەڕەیە بەردەستتان ، بریتییە لە هەڵبژاردەی بەرگی یەکەم و دووەم و سێهەمی پەرتووکی (هاجی قادری کۆیی) ی مامۆستا — مەسعود محەمەد — . کە لەبارەی فەلسەفە و مێژووییەوە ناوەڕۆکی هەر سێ بەرگەکە پێک دەهێنێت . هەرچەند ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تیدا غوێنەرەوەی بابەتەکانی دیکەی سێ بەرگەکە پێویست نەبێ ، یان گرنگ نەبێ . بەپێچەوانەوە ، غوێنەرەوەی سەرلەبەری هەر سێ بەرگەکە پێویستییەکی گرنگە و غوێنەرەوە گەلێ سوودمەندتر و بیرفراوانە دەکات . بەڵام ئێمە لەم هەنگامەدا بە پێویستمانزانی زۆرتر بایەخ بە لایەنە فەلسەفی و مێژووییەکەی بدەین . هەر بەم مەبەستە ئەم هەڵبژاردەیەمان لە پەرتووکی ناوبراو دەرهێنا . لێرەدا ناچارین ئەوە بڵێین : زۆر بەداخەوە بێ کە نەماشتوانی دووبارە چاپیان بکەینەوە ، چونکە بەراستی کاتێکی زۆری دەویست و لەم هەلومەرجەدا بڕمان نەگونجا . هیوادارین لە داهاتووەدا ئەم کەلێنە پڕبکەینەوە و ئەم هەڵبژاردەیە و هەڵبژاردەی نووسراوەکانی دیکەی مامۆستا بە پڕێز و نیشتمانپەروەر (مەسعود محەمەد) ، بتوانین چاپ بکەینەوە و بە تیراژێکی فراوان بڵاویان بکەینەوە . هەرچەند دەزانین کە دەستنووسی ئەم هەڵبژاردەیە فۆرمێکی ناشیرین و ناپێکوپێکی هەیە ، بەڵام بێگومان ئەم ناتەواوییە دەگەڕێتەوە بۆ نادەستڕەنگینی و خامەخێیی نووسەری ئەم کورتە پێشەکییە . ئەمە ناچاریی و لەم ڕووەوە زۆر داوای لێبووردن لە هەموواں دەکەین .

لێرەدا پێویستە سەرنجتان بدەین ئەوە ڕاستییەدا ڕابکێشین کە ئەم هەڵبژاردەیە ، چ لە بارەی ڕێنووس و چ لەبارەی شێوە و ناوەڕۆکەوە هیچ جۆرە دەستکارییەکی نەکراوە و کتومت لەبەر نووسینە چاپکراوەکەدا نووسراوەتەوە . هەروەها لە هەنێ شوێندا ئەگەر هەڵەش لە چاپکردنەکەیدا هەبووبێت ، هەر بەهەمان شێوە نووسراوەتەوە . بەکورتییەکەی ئەم هەڵبژاردەیە هیچ جۆرە دەستکارییەکی نەکراوە . ناشێ وابێتێبگەین کە ئەم هەڵبژاردەیە (کورتکراوە) ی هەر سێ بەرگەکەیە ، نەخێر ، ئەمە تەنها (هەڵبژاردە) یە و گوڵبژێرێکی بابەتە جۆراوجۆرەکانە . وە لەم هەڵبژاردەیەشدا جگە لە مامۆستا (مەسعود محەمەد) فۆزیان ، هونەر و هیچ کەسێکی دیکەی تێدا نییە . ئەوە نەبێ ، نەتانکەمێ مانووبوون بە نووسەری ئەم پێشەکییە بڕاوە و هیچی دیکە . لەمە بەولاوە ، هەموواں ئەرکی غوێندنەوە و کەڵکلێوەرگرتنی دەگرێتە ئەستۆ .

لە ڕاستیدا ئەم چەند لاپەڕە هەڵبژاردەیە دەبێتە بازنەی یەکەم لە زنجیرەی بەرنامەی ڕۆشنبیریی ئایندەمان ، بەرنامەی (فۆیەروەردەکردن لەبارەی ئایدیۆلۆژیەوە) . بە و هیوایە ی ببێتە هێگەی پێخۆشبوونی گشتی لاپەکمان و کەڵکێکی فشی بێت و نەخشی فۆی ببینێت لە بەرزترکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیرتینمانزا .

— بۆپێشەوە بەرەو پتەوترکردنی کۆشکی بیروباوەڕ و فەلسەفەی بەرزی کوردایەتی .

— بۆپێشەوە بەرەو پێکهێنانی ڕێکخستنێکی نەتەوەیی بۆلاتینەی سەرتاسەری کوردستان .

هەر بژێن بۆ کوردایەتی

برا و هاوبیری دڵسۆزتان
بەختیار شەمەیت

26 / 2 / 1990

- ڕاهێنانی فەلسەفەی جیاجیا مەیل و ئارەزوی هەموو چەشنە دادێنێت بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی هەموو بابەتێکی عەقڵەدار لەگەڵ سیاسەت بە گشتی و ئەرازوێک کە هزرەکانی ئامانجە سیاسیەکانی خاوەن ئەرازەکە بکا. ئەو هێندە دەسکاری و گۆڕینی ئانفەستە کە بە چاوی قۆمان دیومانە تا ئێستا بۆ هزرەکانی مەبەستی سیاسی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نووسینەوەی زۆر زەعیف دەکا بەوە کە لە دواڕۆژدا ڕاستی و حەقیقەت لە چنگ داهوازی سیاسەت بە سەلامەتی دەرچێت. ل ٩-١٠، حاجی تادری گۆیت - بەشی یەکەم - مەسعود محەمەد. بەغداد - ١٩٧٣. لە چاپکراوەکانی گۆڤاری زانیاری کوردی. - هەر باوەڕێک کە پێویستی هەبێ بۆ بە گۆڕین و شاردنەوەی ڕاستی، قۆناغ لە فێربوونەوە هەستی بێ هێزی دەکا و دەبووە بە ڕاست پۆشی عەیبی باوەڕەکەی دا دەپۆشێ. بە دەم ڕاست پۆشینەوە هەنگاو بە هەنگاو ناچار دەبێ تا قۆناغ و باوەڕی زمان کورت دەرنە بێتن دەکەوێتە شوێن لە دژی ستەم و بەرژەوەندی خەڵک چونکە هەر بەرژەوەندی دەبێتە ژیانی ئەو درۆیە کە ڕاست پۆشێ بۆ دەکرێ. ئەم شرتینەی ڕاست پۆشێ و بەرژەوەندی کۆڕیە سەر بەوە دەگەیێنێ ئەگەر هەر بە قسە بەلکو بە زەبری کوتەک و پاسا و نیزام گەل دەمکوت دەکرێ و ورنەی لێ دەبڕێ. ل ١٨-١٩. - جنێو دان نیشانەی ستەکایەتی ئەوەکەسەیە کە جنێو دەدا چونکە دیارە پەروا نیە لەوەی کە لە مقابلە دا جنێوی پێ بدرێتەوە. ل ٧١. - ئەوەی ستوک بۆ ستەکایەتی لێ خۆش دێ. بریتە لە مردو ئازار ناچەشێ. ل ٧١. - بێ گومان مرۆڤی ڕەوشت پاک بەر لەوە ترس مەنعی بکا لە جنێو، سروشتی خاوێنی قۆی قێزی هەڵدەستێنێ لە جنێودان، ئیتر لەبەر بەرزی سروشت زمانی قۆی دەپارێزێ و ڕێزی خەڵک ڕادەگرێ. سرنجی بدە جنێو فرۆش دەبێتە لەبەر پەستی نەفسی بە خەگیری کەسی وەها یا خود لایەنی وەها دەبێ کە بێ دەسەڵاتیان دەزانێ و لێیان ناترسێ. کە بزانێ جنێو دانەکەی دیتاریکی لە کیسی دەچێ ماوە دژشەوان دەیخاتە بەر تیغانە دەمی قۆی دەدروێ و دەبێتە نموونەی شەرم و شکۆ. ل ٧١. - بەڵێ کورد میللەتێکی نەمرە، دەمارەی زیندووەتی لە فرکەدایە هەر دەڵێی ئەگەر بشیبووە ناتوانێ بمرێ. ل ٧٦. - مرۆڤی بێ دەسەڵات کاتێ دەسەڵاتی بۆ لە قۆی دەر دەهێنێ و ڕەفتارەی لەگەڵ خەڵقدا درێژ دەبێ. دەیەوێ ئۆڵەی سەردەمی لادێتی و بێ دەسەڵاتی قۆی لە عالەم وەرگرێ. ل ٣٥. - بەڵام باوەڕی منوە ئەوە ئاماژەیەکە هەبێ لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەر مرۆڤە دەوجا بە هێز بێ یا بێ هێز، سروشتیش لەو گۆڕانەدا عەبد و ئۆکەرە ئەویش سەرکەش بێ یا هەموار. تاکە عامڵی ایجابی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤە، سروشتی عامڵی بێ ئەرەفە، دەسەڵاتی نیە ئەو بکا بە عامڵی ایجابی، مردوە و هۆکەی لەبەرەوە ناچێ تا بگونجێ بە شێوەیەکی ایجابی تەحەڵی دەکا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی. مرۆڤی «فاعل» و سروشتی «منفعل» ە، مرۆڤی کارتێکەرە و سروشتی کار تێکراوە. مرۆڤی داهێنەر و پەیدا کەر و خاوەنی گۆڕانە. لە سروشتدا ئەنها هەر گۆڕانی بایۆلۆجی بەجۆرێکی عەفوی و لەسەر یاسایەکانی گۆڕانی مادە لەخۆوە بەڵام میلیەمەتر ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەو پێشەوە نابا، مرۆڤی نەبێ هەرچی مادەی سەر ئەرز و ئاسمانان هەیە ئەوەکی خامەیەکی دروست ناکەن، یەک گۆڕانی هەڵ نابەستن، دوکانێک دانانێن بۆکە شتومەکی منداڵانی تێدا بفرۆشن.. هێچ شتێک نابێ گرتبێ و فرۆشتنی بکا تا خەیاڵی بڕوا بۆ دوکان و شتومەک و قەیتانی قۆنەدەرە. ل ١٥٩-١٦٠. - ... عەیب و ئاژەڵ چونی دونیا و قیامەت بێ دەسەڵاتیە. کە بێ دەسەڵاتی بقیت ئەو دۆستەی بە درۆ بۆی دەگریت، چەک دەفرۆشێ بەو دوژمنەی دەتکوژێ. قسەی ڕاستی بێ پەردە و گیناوی ئەوەیە میللەتێک کە هەستی بە ئەو نازیتەی کرد و دەمارەی مەردایەتی جۆلا هەوڵ دەدا دەسەڵات پەیدا کا.. بەچوا پەیدا کردنی دەسەڵاتدا ئیتر ڕێی نابێ مەرحەبای دۆست و دوژمنی ڕاست و درۆ بڵاوەوە.. ئەمە دەلێم بۆ دڵی ئەو فۆرش باوەڕانەی عاشقە مەرحەبان. ل ٦٤-٧٦. - قۆن دەیزانی و هەموو فەلسەفەیەکیش ئەوە ڕادەگەیێنێ ناکۆ پەیوەندی مادەی و مەعنەوی لەناو میللەتێکدا بەهێز و زیندوو بێ ئەو میللەتە هەست بە بوونی قۆی دەکا و فۆناستینەوەی بە ئیتنتر دەبێ، لەو گوتەرە یەش ئەوانەی مانەوە و هێزیان بەدگرتا پتر دەبێ. ئەوەی ڕاستی بێ، بەڵام باوەڕی منوە، ستەم و بەرژەوەندی «مشترک» و بێبرو باوەڕی «مشترک» باوک و دایکی هەستی گشتی «مشترک» ن. ل ٦٤-٧٦. - بەنیسبەن کورد دەوە چونکە کیانێکی سیاسی نەبوە کە هەمو کەسی گەل و وڵاتەکەی بە یەکەوە ببەستێتەوە و بەرەو باوەڕێکی گشتی یەک گرتوویان بباتە ئاڵیان پێچ پێستی بوە بە بوونی پەیوەندی ئەوە «فۆرسک» ی ئەوتو نەبە لە خەڵکە بەکەتی فەرامۆشی بکەن. دەتوانم بڵێم هانوچۆی کۆچەرەتی کە لە فەوەی فۆبچا دیتمەنی ژیانێکی سەرەتایی و دەورە دریارە ستەمی ئەوەی هەبوە بەدرێژایی کات کوردەوارەتی ئەم دیتم ئەوەی تیمی سنوری نیوان دەوڵەتان بەیەکەوە بلکێنێ یا بە شێوەیەکی ئەکام و نایەوەت و لە پەراوێزی ڕۆژیو «مساهە» یەکی تەسکیشدا بێ، چونکە کە پەیوەندی کەم بێ، کەمتیک پەیوەندی دەکا زۆر. ل ٦٥-٧٦. - وەک گوتم نەبوونی کیانێکی سیاسی بۆ کورد هۆی هەرە بە هێزی پەیدا بوونی هەستێکی نەتەوایەتی گشتی لە کوردان کەم کردۆتەوە. سرشتیکی سەر بێ بەرەی دەفا لەم حاڵەی پێ پێویستی بۆ بوونی پەیوەندی فۆرسک کەوا کەلێنی نەبوونی کیانی سیاسی کەمتیک پڕ کاتەوە لەناو کوردا، گەشتی و هانوچۆی فۆبچەنی منڕگەوتان لە کوردستاندا پەیوەندی پێکی وای پێکی هێناوە تاکی نەبێ، نە بازرگانی، نە فەلاحەت، نە پیشەسازی، نە هیچی کە سبب و کارێکی کە هانوچۆ بە خەڵک دەکا و بە یەکتریان دەناسێنێ نەبێوا نیوە سەرانسەری وڵاتی کوردان بەوەکە وە ببەستێنەوە بەقەدەر گەشتی فەقێی و مەلایان کە بە هەموو کوردستاندا بڕۆن دەچنەوە و لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی و لەشارێکەوە

تێکڕای گیان لەبەر، پەیوا دەبێ و دەشێ پێشی بگرێ گۆڕانی سروشتی.

بۆ شارێك بە نیازی خوێندن چێ گۆڕكێیان دەكرد و لەو چێ گۆڕكێیەدا خەڵقیان دەناسین و پێكیان دەناسانن.
وەك بەهۆی خوێندنەوە مەلا پێكی سنە بێ گەیشتوتە كۆتێی و دیاریكرا بەخود فەقێی موكری و بادێنی وستوانی
لە مزگەوتی ئاوایەكی كوردستانا كۆبۆتەوە بە هێچی هۆیێكی دیكە و لە هێچی مەجبوریێكی نزدا كوردی ئەم
سەرەو سەری كوردستان وەما كۆنە بۆنەبۆتەوە. سەرەڕای زۆری ئیمارەی ئەو فەقێی و مەلایانە كە هاتوچۆكەیان
كردوە، كاتی دوور و درێژی خوێندنیشیان و ماندووبیان لە غەریبی، تۆزێكی و فراوانیەكی بەو پەیوەندییە
بەفشتوە كە گەشتەكەیان بەرهەمی هێناوە لە نێوان خەڵقدا زۆر زەحمەتە لە كارێكی نزدا بەرهەم بێ، یاخود
هەر نابێ. ل٦٦-٦٧. - گەشتی بزووتن و خرۆشی فەقێیان بەدوای خوێندندا شادەمارێكی یەیوەندی گشتی
بۆ لەم سەرەو سەری كوردستان بۆماوەی سەدان ساڵ كە ئەگەر ئەو نوبا هێچی جۆرلانەوە یێكی دیكە نەبوە هێچی
بگرێنەوە وەیا لە ئەنجامی ئەو بۆنی كەم كانەوە. بە جۆرێكی واقیعیشی ئەم خوێندنە بەوك شكڵە و نێكەڵ
بۆنی مەلایان لەگەڵ ئریانی ئۆئرانی خەڵقدا زۆر گرینگ و بەر چاو هەستێكی كەمەتریە نێ
بەوك ئەنگی بۆ میللەتی كورد پەیدا كردوە، چونكە مەلاكان بەدوای گەڕانی سەرا نسەر وەیا زۆر شوێنی
كوردستان و شارەزا بۆن بە لەهجە و عادەت و رەوشتا و گوزەرانی ئەو خەڵقە وەك «بالیۆزی گەڕۆك-
سفیر متجول» بۆون بە نوێنەری ناوچەكانی لێیان خوێندوە، كاتێك كە لە شار وەیا لادێیش خەریكی
مەلایەتی بۆن هەر خوێندەواری ڕۆژ و ئاسایی نەبۆون بەڵكو بۆ زوربەی خەڵق هێچی یە ڕووەرد كار و
مامۆستا و دادگاو قازی و بەرێوەبەری «حكم» یان پێ كردۆتەوە. سەرەڕای لە هەندێ بگرە كوردی ئێران هەرچەند
سەر بە دەوڵەتێك بۆن كە مەزهەبی ڕەسمی «شیعی» بوە، زوربەیان سوننی و شافیعی بۆن. ل٧٣-٧٤.
- بێجگە و ئرایەكەم لەلای خۆیەوە گەلێك باوەڕی سیاسی و فەلسەفی ڕەد دەكاتەوە و واقیعی كوردەواری
لەوە دەردەباكە وێنەی دۆبارە كراوەی ناو ئاوێنەی فەلسەفە و عەقیدەی هازر و بزر بێ و دەیكاتەوە
بەو ڕاستییە كە خۆی لە خۆیدا ڕاستە نوك خزمەتكاری ڕاستی فەلسەفە و «فكری هەجبر» بێ. نوسەری
«ملتزم» كە یەكەگیری مێژوو دەبێ بە زۆری ملتی دەیخاتە سەر زەوی و فەلسەفەكەی خۆی دەكا بە كفن
لە بەری، پێشی دەكا لە فەرمی سەیر كە فەلسەفەكەم چەند گونجاوە لەگەڵ مێژوو. من دەڵێم نابێ نیشكی
فەلسەفە وەك شووقی نیشونی سوز و سۆز دەوروبەری خۆی بە ڕەنگی خۆی ڕەنگینی كا، دەبێ فەلسەفە
نیشكێكی بێ ئەزەفانە بخاتە سەر واقیع تا ڕاستی و نەهێنیەكانی دەرخا. ئەگەر وا نەكا بە هەڵەمان
دەبا. ل٧٥. - عینوانی خوێندن و خوێندەواری لە كوردستانی چەند چەرخێك لەمەوبەر بە سێ بەش دابەش
دەكرێ ١- مەلایەتی و زانستی ڕۆن ٢- شێعایەتی ئەدەبی ٣- ئەدەبی. ئێكزا هەر سێ بەش ئەو زمانە
«معنوی و عقلی» بە پێك دێنن كە لەنەك زمانی «مادی» دا ناوی دێ و بە هەردۆكیان كاكڵی بۆنی
ئەوەی كورد بەرهەم دێ. ل٧٨. - لەبارەی باوەڕ و «عقیدە»ی ئایینیشەوە زوربەی كوردەواری تاكە یەك
ئەڵی یەیوەندی ساغی بە ڕابردۆی كۆنی خۆیەوە نەما لەوكاتەوە كە ئایینی ئیسلام نیشیدا بۆتەوە و بۆ
بە جێگای زەردەشتی. ل٧٩. - زانست و باوەڕ و ئایینی كەوا كاكڵی زمانی «معنوی» كورد پێك دێنن
یەك دێژ و وشە و پێنی لەسەرچاوەی كورد و كوردستانەوە هەڵ نەقوڵیوە، هیچیان ئایینی مادی
و ئابوری كورد نین و هەموویان «دەرەكی» ن، زمانی مادی و ئابوری كوردی كرد بە كۆیلەی خۆی، بە
«عقلی تجربی»، بە پێچەوانەی چاوەنۆڕ كردنی ڕوالەتی تیۆریەكانی مادی، زمانی كورد بۆ بە ئاوێنە
بۆ زانست و باوەڕێكی مێژوی. ل٧٩. - لەو لەهزەی مندال بە زگی دایكی دەكەوێ تا ئەوكاتەی دەچێتە
قەبرەوە هەموو چەركە سەعاتێكی عومری بكەوێتە بە «قرآن و شرع» و زكر و فكری پیاوچاك و شێخ و مەلا و
هێزی نوێنەری سەر بە بەهەشتی و جەهەننەم! مەزەكەی، دەغڵەكەی، باغەكەی، زەوی و ئاوەكەی، پەرزێنی
و نێچیرەكەی، سەلەم و ڕبێدەكەی، زەكات و سەرفترەكەی، نوێژ و هەجەكەی، ژن هێنان و ئەڵاق
دانەكەی، تیجارەتەكەی.. هەتا سەرتبرینەكەی و «بسم الله» لێ هێنانەكەی، غەزا و خۆ بە كوشتن دانەكەی،
خەون و خەیاڵ و شەونخونی و «تهجد» و ڕۆژیەكەی... ئەمانە و هەرچی هەیەتی لە لەش و ماڵ و ژن و
هێزان لەنێو ئەو جغزانەدا دەخولێنەوە كە ئایینی ئیسلام لە مەككە و مەدینەی بەدیارەی بۆی داوە و
هێچی نیسبەتێكی نیە لەگەڵ كوردستانی پێش ئیسلام، ئەنانەی چەند ناوێكی وەك بەستن و گولێ و
پێرۆن و سواره نەبێ هەرچی ناوی كوردی پێش بۆ گۆڕا بە ناوی پیاوە ئایینیەكانی عەرەب یا خود هەر
عەرەبی عادەتی. خولاسە زمانی «عقلی و معنوی» كورد لە هەزار ساڵ زیاترە زادەی كوردستان نیە
تێكەڵ بە زمانێكی یەكجار فراوانتر بوە لە كوردستان، بە مادە و مەعنایەوە. ل٧٩-٧٩٣. - زانستی
و بێر و باوەڕی فەلسەفی زوربەی خاوەن فكری كوردی ئیمڕۆش لە هەرگەی كوردەواریە وەیە وەك ئەوەیش،
ئەوەیش وەك زانست و باوەڕی هەزار ساڵ لەمەوبەر بە دیاری بۆی هاتوە، بەڵام ئەم جارەیان لە ئەوروپاوە.
نە مادەكانی خوێندنی زانكۆی سلێمانی و نە فەلسەفەی سیاسی و ئابوری جۆر جۆر كە وا لە بەرهەمكانی
یەكەمادان لە كوردستان، زادەی كوردەواری: واقیعی كوردستان ئیستا كەش ئەوە نیە لە هەناوی
خۆیەوە ئەو ئەرزە بەچكە مەعنەویە «ئەریستۆكرات»انە بێنێتە سەر دونیا. مامۆستایان لە دەرەوە
خوێندو دەرسی ئەو مادە و فەلسەفانەمان نەدەن بە وزێنەشی نابێنە خەیاڵمانەوە. ل٧٩٤. —
وەنیە من لێرەدا بەنەنگ بێم لە هاتنە ناوی فەلسەفە و زانست و باوەڕی دەرەكی، بێ گومان ئەگەر
چاوەنۆڕی پەیدابونی زانست و فەلسەفەی ئەوتۆ بكەین زگماك كورد بێ ئەوا هەر دەبێ چاوەنۆڕی
بكەین، مەبەستم لە قسەكانم ئەوەیە واقیعی ڕاستەقینە دەر بێرم، ئەگەر گەنجێك لەو «بدیهیە» یە غافل

بۆیێ بێنمەوە بادەن . قسەکانم تا رادەیێک لەبەرئەوە هەیالێ بۆنێ ئەو قەناعەتە بێش دبارد ئەڤا کە پێشوەیە هەمیشە فەلسەفە و باوەڕ زادەی واقیعێکن کە تێیدا دەژێن ، کەچی وا لە پێش چاوتە فەلسەفە و باوەڕ لە دەرەوە بە سوارەی فڕۆک و گەڕۆک و کەشتی دێتە وێنەکێت و خەلقێش بەدوا ڤێدا رامالێ دەدا .
لێرەدا قسەیێکی بێ هێز هەیە دەڵێ کە فەلسەفە ((دەرەکی)) لەگەڵ پێلەی گۆڕانی ((ناوەکی)) رێک کەوتن وەک ئەوەیە بۆ ڤێزەی زادەی ئەو گۆڕانە بێ ، بەڵام ئەم گوتەیە هەر لە ژوا لوت و لەسەر کاغەز و بەسەر دەم و زارانەوە راستە ، لە واقیعدا کە بەرەبەیێک فەلسەفە لە دەرەوە دێتە گوتە نادانە ((ناوەکی و دەرەکی و گوتمان و نەگوتمان)) بۆ ڤێزەی جیاری پێشەکی داوە فەلسەفەکە بسەپێنێ ، لەوەدا ئەرزو حالی خەلقێش ناخوێنێتەوە یا خەلقەکە زورەبەی میللەتێش بێ .ل ٧٩٥ . – بەراستی کوژانی نەوەی ناو و رووەن و شقورەتی جیاکانی زانستی و ئایێنی و ئەدەب لە مێژوی کورد ئەو کارە خۆشکێنە یە کە ناهەزی کورد هەزی بێ دەکا و چاوەنۆڕیەتی . زانەن زۆر لەوان ناهەزانە هەریکی کیسیانی کورد نەبۆنی ئەغلەب ناودارەکانمان بکەن بە هەلبەستنی نەسەبێکی سەر بە غەیری کوردەوە بۆیان ، ئینجا کە تێمە لە فۆمانەوە گیانی خۆنەویستی یاخود بێگانە دۆستی پاڵمان پێوە بنێ بە بارانی لەعنەتن و نەفرەتین جیاکانی مێژوومان بکۆڕێنێتەوە و ناهەزەکانمان بەوکارە بچەسپێنێتەوە هێندەیان قەرزدار دەکەینەوە مەگەر ، کوردی گوتنی ، بەکوشتنمان لەژێر ئەو قەرزە دەرچین .ل ٧٩٩ . – زاهیری نەبۆنی ((قەبیلە – عەشیرەت)) لە دەورەی کۆبێ زاهیرە یێکی رێکەوت نیە ، بەلکو گوێزانەوەیێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لە پلە یێکەوە بۆ پلە یێکی سەرتر کە بەهۆی پەیوەندی سەقافەتی و ئابووری میانی کۆیە و گوندەکان پێک هاتوە . بەپێی زاراوەی سیاسی تازە دەبێ بڵێین چالاکی بۆرجوازی کۆیە بە هەر خۆ لایەنی ماددی و عەقلییەوە لە نێوان خەلقی گوندەکانی نێزیک کۆیە بۆ ماوەیێکی یەکجار دوور و درێژ چاوی فەللاحەکانی کردۆتەوە و هۆشیکی سەربەخۆیی بێ داون و بە تەدریجی لە ئاغا و سەرەک عەشیرەتی بێ نیاز کردۆن . لەبەرچاوی فەللاحێکی مەیلەو شارستانی و خاوەن پەیوەندی هێزی هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فکری لەگەڵ شاردا ، سەرۆک و ئاغا و بیا گەورە لە عەرشی مەیلەو مقدسی پێشەوایی و پارێزگاری و نیمچە غەیبی دێتە خوارەوە و دەبێتە خاوەن بەشێکی نابەجێ لە بەرهەمی کشتوکاڵ کە و مەڕ و ماڵەکی . بەڵێ بێ گومان هاتنە خوارەی سەرەک عەشیرەتی لەو عەرشە پیرۆزەی دەسکەوتێکی ڕیاری ((حضاری)) و پێش کەوتنی فکری و ئابووری فەللاحە کەوا لە ژێر بەرگی و دەماری پەیوەندی زۆر بەهێز لەگەڵ شارستانێکی گەورە و چالاکدا بۆی دێ وەک هێزی کاری لە مەکینەوە بەهۆی ئەل بکا بە پەنا و پەستەی ئارتێک و لانەرتێک . چالاکی و ڕیاری شار نەبێ فەللاح دڵ و مێشکی رۆن نابێتەوە بۆ ئێگە یەشتنی سقودی قۆناغێکی لە قۆناغەکی لە فەرزی رۆناکیش بێتەوە یەکجار بە ئەرک و درەنگ دەبێ . راستی ئەو ئیتوریەی کەدەڵێ بۆرجوازی شار دۆستی فەللاحە لە دژی زەوی دار و ئاغا ، لەوەزعی فەللاحی وەڵامی کۆیێ زۆر چاک دەفامرێتەوە .ل ٣٤١ – ٣٤٢–٣٤٣ . – دەبێ ئەوە بزانین و باوەڕی بێ بێنین کەوا لە ڕیانی سەرەتایی و دەورەی شارستانی عەشیرەتیدا مرۆڤی عەشیرەت لەبەر هۆی یەکجار بەهێز و هەمەچەشنە ، وەک هەستی خزمایەتی و بەرژەوەندی ئەسکی ناوخۆیی و پێویستی پارێزگاری مشترک و بە یەکەوە رابواردنی دائیمی لەگەڵ خەلقی عەشیرەتەکی و کەم پەیوەندی لەگەڵ عەشیرەتانی دیکە و ئەسکی نیگا و ئۆڕتین و دەیان هۆی وەک ئەمانە کە دەتوانین بۆ خۆمان بیانخۆزیەوە ، تا ئەم مرۆڤەی عەشیرەتییە وا دەلێکێ بە عەشیرەتەکەیەوە هەر دەلێیی بەردێکی ناو دیوارە بزوتنی بۆ نیە مەگەر دیوارەکە بزمێ . ئێکترا عەشیرەتەکەش سەرۆکیان بەلاوە دەبێتە رەمزی شانازی و خۆی بە هەڵدانەوە و هۆی سەلامەتی و پاراستنی .لەو ڕیانە سەرەتاییەدا جارێ خەباتی چینایەتی نارمایەتی لەناو عەشیرەتدا نادیترێ . لە پلەی قەبیلەیی بەر لە نیشتەجێ بۆن ، مرۆڤی قەبیلەیی ئەوە ئەک خەباتی چینایەتی ناکا و بەس ، دەتوانم بڵێم جارێ لای ئەو ((مفهوم)) ی چینی پەیدا نەبوە تاکو خەباتی بۆ بکا . بەسە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە کە مرۆڤی کۆچەری بێ ناکانەوە لەوە بێ بە خاوەن زەوی چونکە جارێ بیری نەکردۆتەوە لە کشتوکاڵ تا هولیای زەوی مێشکی پڕ بکا . ئێکترا کۆچەری قەبیلە وەک پەک هێزان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزنەوە بەدوا دەم و کاوتیی ئاوەڵەکانیاندا . خانوەکەشی بەر تینییە لە رەشما لێیک کە ئەویش وەک خۆی بە زەویەوە نالکێ . لەو پلەیەدا ((پلەی ڕیان)) یشی کە یاسایێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر و رەگ داکوتاوتر و کۆنتر و بەهێزترە لە خەباتی چینایەتی وە یا قەومی ، بگرە ئایینیش ، ئا ئەو پلەی ڕیانەش بەهۆی ئەو یەکگرتن و ئێکترایی عەشیرەتەکە دەبکا بۆ پەیدا کردنی یاوان و بەرگری دوشمن و زاڵ بۆن بەسەر ئەنگ و چەڵەمەی گوێزانەوە و هاتوچۆدا . ئەو ستەم و دەستدرێژییە کە پلەی ڕیانی فەردی بە فەللاحێکی دەکا لە دژی فەللاحێکی هاوڕێ و دراوسێی خۆی هەرگیز مرۆڤێکی کۆچەری لەدژی هاوڕێیەکەی نا کا ، چونکە گەلێک بەرژەوەندی گشتی سەر بە هەموو عەشیرەتەکە لە یەکدی بیان نێزیک دەکاتەوە و چەندێن مەترسی دەرەکی ((غارەبی)) دەیان کاتە براو برادەر . لە فەرزی دەسەڵاتدارێک بشیوەی عەدەر لە یەکێکی بێ دەسەڵاتی عەشیرەتەکە بکا سەرەک عەشیرەت دەرحاڵ لێی بەدەنگ دێ و ((جەرتیمە)) ی دەکا ، چونکە ، وەک گوتم ، سەرپاکی عەشیرەتەکە بۆ خۆیان و بۆ سەرۆکایەتی گەورە پێک هێزانی گەورە پێک دێنن .

هۆیا ژیان لەنێو کۆچەر ئاژەڵە، دەستڕێژێکی کۆچەر مەگەر دژتا بکا لە بێ دەسەڵاتە کە، کە کارێکی زۆر زەحمەتە و ئیمکانی شاردنەوەی نییە و دەبێتە هۆی ریسوا بۆنی دزەکە، دەنامەتر و ئاژەڵی هەردەو بان لە یەک مێگەل و گاژانەوان و بێ جیاوازی دەلەوەڕێن، شوان ناتوانێ مەڕی بیاوی بێ دەسەڵات هەڵوێرێ و لە پاوانی دۆر خاتەوە ئاکۆ هێ دەسەڵاتدار باشتر بلەوەڕێ من بۆ مەبەستی زۆن کردنەوە ئەو احتمالە باس دەکەم دەنا لەنێو کۆچەر نە فەقێر و نە دەوڵەمەند و نە شوان بێتر لە شتی وەها ناکاتەوە. لە لایەن مەڕداریەوە فەللا هیشی ڕێی نیە دەسدرێژی بکا بۆ یەکێکی دیکە مەگەر بە دزێی، [دزێیەش کارێکی دەگمەن نیە لەنێو فەللاهانداا] چونکە مەڕ و ئاژەڵی فەللاهیش وەک هێی کۆچەران لەیەک مێگەل و ڕانداا بەهێز دەکرێن. بەڵام فەللاح لەو مەیدانانەی گوزەران کە مەسلەحەتی یەکێکیان تێیدا بە هی یەکێکی دیکەوە نەبەستراوەتەوە وەک کێڵگە و نۆرەئاو و سەیران و ڕێنجبەر گرتن و بەدزیەوە مەڕ لە دەغل بەردان. هتد کەمتر دەست دەپارێزێ لە زیان گەیاندن بە دراوسێیەکەی. ئەغلەب فەللاح هێڵێک کە لە کەلێنێکەوە بۆی هەڵکەوتن قەپێک دەگرێ لە هاوڕێیەکەی، لەوەدا چ گوێی هۆی ناداتە ئەو تێڕوانینە کە لەجیاتی فەللاح «ادعا» ی ئەوە دەکەن بەرژەوەندی هێنایەتە فەللاهان دەکا. بە برادەر، ئەمەیە فەرمانی «پەلەی ژیان» کە لەنێک ئەودا فەرمانی «هێنایەتە وەیا فەومتا» سەدان سەدان ساڵ خەوی وەک مەرگی لێ دەکەوێ ئەگەر دەمە چەقێکی لاوەکی «جانبی» بە فەبەری نەهێنێ، تا بە ئەوژم و تاقەتی میکانیکی هۆی هۆشیار دەبێتەوە و چاو هەڵ دێنێ و دەچۆلێ فەلسەفەو «منظریە» ئاقەتیان دەچێ و خەویان لێ دەکەوێ. ل٣٤٣-٣٤٤-٣٤٥. ـ، لەو ناوچانە کەواگیانی عەشیرەتی تێدا بەهێز بۆ کاتێک «تسویغ» جاڕ درا فەللاح بێبری لەوە نەکردەوە داوای زەوی بکا، هێشتا دەمە چەقی لاوەکی نەی ئیشاندبۆ تا بەخەبەر بێ، بۆیێ هەرچی زەوی هەیە بە ناوی ئاغای خاوەن مڵکی زلەوە نۆسرا. دوای ئەوەو بۆنی «تسویغ» بەهۆی هان دانی گەنجی تازە پێ گەیشتۆ، کە هەندێکیان بە چکە ئاغایش بۆن، فەللاح لە ئاغا هەڵگەڕایەوە. هۆی بێ دەنگ بۆنی فەللاح لەکاتی «تسویغ» دا لە ترسی مێری نەبۆ بەڵکۆ لەبەر نەبۆنی هەست و ڕایەڕین بۆ، چونکە وەک دێهاتیان دوای بەرەسەنەنی ئەو هەستە لەڕێی تبلیغاتی گەنجەکانەوە نە ترسی مێری و نە بێبارەی «تسویغ» و نە تایبەی ڕەش فەللاهی ئەوەستانە لە هەڵسانەوە و بەگژدا چونی ئاغا و خاوەن زەوی. لەوکاتانەدا کە فەللاهی ناوچەی عەشیرەتی ئەرزی بۆ ئاغا کەی «تسویغ» دەکرد و شایەدی مڵکایەتی بۆ دەدا، دێیەکانی وەتنی کۆیێ زوربەیان هێ فەللاح بۆن و لە زۆر کۆنەوە دە فلێکی ئاغایان بەسەرەوە نەمابۆ. ل٣٤٥-٣٤٦. ـ فەللاح کە هەستی سەربەخۆیی هۆلا بە خۆشی لەگەڵ ئاغادا هەڵ ناکا، ژیانی ئاغایش لەناو کۆمەڵە فەللاهێکی ئاغا نەویستۆدا ئامێنێ. وردە وردە لەگەڵ پەیدا بۆنی ناڕێکی و بەیەکەوە هەڵ نەکردنی فەللاح و ئاغا بە ناچاری ئاغا کە دەگوێزێنەوە بۆ شار و لەوێوە دەتوانێ ئاسانتر سەرپەرشتی مڵکەکانی بکا چونکە کەمتر شەڕە دەنگۆکە لە بەینیان پەیدا دەبێ و هەرچی بێکار بیشە لەگەڵ فەللاح دەبێتەوە، کە لە کۆلیشی بووە نابێتە هۆیەکی تازە و تایبەتی بۆ زێدە ڕۆی لێ بۆنەوە. ڕەنگە بگوترێ لە هاڵی وادا کە ئاغا و فەللاح کە وتنە بەرەبەرەکانی بەکدی، حکومەتی بەپێی بەرژەوەندی مشترکی هێنایەتە پشتگێری ئاغا دەکا و سەری فەللاهی بۆ نەرم دەکا. لە فەرزی ڕوالەتی ئەو نەزەریە بێ دەمەتەقەش قبول بکەین و بڵێین هەمیشە حکومەتی خزمەتکاری «چێن» بووە خۆ حکومەتی کۆیەی دەورەی عوسمانی هێ کوردان نەبووە تا ئاغا و مەللاکی کورد هیساب کەین بە خاوەن حکومەتی و چاوەنۆڕی یارمەتی لەو حکومەتە بکەین بۆ ئاغا لەدژی فەللاح. داگیر کەری بێگانە، بە تایبەتی هێ ڕۆژهەڵات کە دوا کەوتنی بووە لە هێ ڕۆژئاوا، خەڵتێکی چەوساندنەوە و ڕاو و ڕۆژ بووە، ڕەنگە یارمەتی چەوری لە ئاغا قەپاندبێ نەک فەللاح. ل٣٤٦-٣٤٧. ـ بەپێی گەز و گرێی سەردەمی ماجەت، پێشی ئەو و ئێستاکە و تا دوا ڕۆژێکی نادیاریشی، وە دەست هێنانی گوزەران لە سەر چاوەی ئازاد و بێ زۆر و زەنگی ئەم و ئەو و ترسی نان بڕان، فەرچکی سەربەخۆیی و ڕێز لە خۆگرتنی بە مرۆڤ دەگرن و هەستی بچۆکایەتی و دەست بەسەری لە دەرۆنی چەڕەوانەوە. فەللاهێکی خۆی بە خاوەن زەوی نزانێ و بە ئارەزوی خۆی بکێڵێ و نەکێڵێ و ئاژەڵەکانی بێ ترس لێرە و لەوێ بلەوەڕێنێ و چاو سۆرکە ڕەوەی نەبێ، هەڵبەت فەللاهێکی لە خۆڕازی و سەرکەش دەبێ لەچاو یەکێکی دیکەی «کرێگرتە» کە ناچار بێ بۆ خاترەی زەویەکەی لەبەر دەستیدا بمێنێتەوە خاوەنەکەی بڵاوتێنەوە و مەیچکە مێچکەی لەبەر بکا و سوخرە و پێگای لێ بسەلمێنێ. باوەڕ دەکەم لە ڕۆژانی ئێستا کە بحمانداا، لە وڵاتی وەک عیراق و کوردستان و زوربەی ئەو وڵاتانەی کە بشتیازەی کۆمەڵایەتی تێیدا فەللاهن و زەراعەتە، هێڕێنی شەخسیەتی فەللاح زەویەکەیتی؛ کە زەوی لێ ساندراوەوە و مڵکایەتیەکەی ئەوەما، بە هەر ناوێک بێ، ناوەڕۆکی مرۆڤایەتی و ئیرادەی لە دەستی دەچێ و دەبێتە هێ ئەو لایەنەی کە زەویەکەی لێ ساندووە. فەللاح کە خۆی خاوەن زەوی نەبۆ دەبێتە عەبدی زەوی. کە بڵێین جاران خاوەن زەوی فەللاهی دەکرد بە عەبد لەرێی دەست ڕاگەیشتنی بەسەر چاوگی مەعیشەتی فەللاهەکە، ئێستاش کە نەقابە یاخود هەر ڕێکی خراوێکی تر خۆ لە فەللاح بکا بە چاوسۆرکە ڕەوە و بتوانێ ئەرزی لێ مەنع کا یاخود لێی بستێنێتەوە و بیدا بە یەکێکی تر، دیسانەوە فەللاهەکە هەمان عەبدی لەمەوپێش دەمێنێتەوە کە هەبۆ. «ئاغا گۆڕی»

ئەللام ئاگۆڕێ، فەللاحە بێ بەرز مەزهەبێکە دێلە بێ ئیرادەیە. ل ٣٤٨ - ٣٤٩. -، بەدرێژایی چەند هەزار ساڵێک کوردستان کەوتووە نێوان سێ هێزەوە زلەوە: فەرمانڕەوایێتی ئێران و دەسەڵاتی بابل و ئاشور و، بۆ ماوەیێک لەگەڵ ئەواندا ئینجا بەدوا ئەواندا دەسەڵاتی ڕۆمەکان. ئەم سێ ناوچە زلەوە دەسەڵاتی کە کوردستانیان گرتووە نێوان خۆیانەوە، هەر یەکەیان بەرو بۆم و داهاتی کەرێکی لەکوردستانی گەورەیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە و مەودایان نەداوە ئەو داهاتە لە کوردستان بمێنێتەوە و بێتە بە ماکی بنیادنانی دەسەڵات و هۆکمڕانێتی. هەروەک ئاوڕێژەی شاخەکانی کوردستان هەندێکی دەڕۆێتە ڕۆژهەڵات بەرەو ئێران، هەندێکی بۆ ڕۆژئاوا بەرەو ئەندۆڵ، هەندێکیشی دژوا بەرەو دەشتی بابل و ئاشور، هەروەها زۆربەی بەرهەمی ئابووری کوردستان بەدرێژایی مێژوو ڕۆاوە نە ئێران و ئەندۆڵ و بابل و هێچی ئەوتۆش لە خاکی کوردستاندا بەجێ نەماوە. سێ مەغناتیسی گەورە پێت و داهاتی کوردستانیان بۆ خۆیان کێشاوە، تا ئێستاش هەر دەیکێشێ. لە کوردستان سەرمایە پێک نەهات. لێرەدا باسی ئەوە ناکەم هێرشی هەر یەک لە دەولەتەکانی ئەو سێ ناوچەیە بۆسەر یەکتری و ڕەویان بۆ کوردستان چەند جاران لە چەرخێکدا کورد و کوردستانی شێلاوە و ئاوایی‌کانی کاول کردوە و خەلقەکەی هەڵگێڕاوە، نەک لەبەر کەم ئەهمییەتی ئەو کارە ساتانە، بەڵکو لەبەرئەوە کە بەڵام منووە نەئیستێرە ئەو ڕەو و هێرشانە چەند جارێک بۆیێ لە چاو نەئیستێرە ئەو زاهیرە بەی لەبەر ڕۆیشتنی ئابووری «ئەنزیف ا اقتصادی» لە کوردستانەوە بەرەو دراوسێکانی، نەئیستیرە کە کز دەبێتەوە و دەچێتە پلەی دووەم و سێیەمەوە. ڕەوی بێگانە هەرچەند یەکجار بە سفتی و سۆش بۆیێ، کاتێ بوە و بەسەر چوە و پشوێکی ئەوتۆی بەسەردا نەچێتەوە لە ئاستوودەیێ تا ڕەوێکی دێکە خەلقەکە پەڕو باڵ بێننەوە و بکەونەوە سەر بارەکەی جارانیان، دەمەوێ بڵێم شێلرانی کوردستان لە ڕێی سەی سیاسی هێرش بەر لە ڕۆمەوە بۆ سەر ئێران یا لە ئاشوڕەوە بۆ سەر بابل یا لە ئێرانەوە بۆسەر ئاشور هۆی بەکەم و بنجێ نەبوە لە پێک نەهاتنی کیانی سیاسی «حکومەت» بۆ کورد. بۆ خۆش دەبێتی ئەو هێرشانە نەبۆنە هۆی لەناوچۆنی ئەو دەولەتانەی کە وتمان ڕێی بانەوە؛ چەندێن جار یەکێکی لەوانە داگیر کراوە، بۆ ماوەیێک کیانیشی دۆزراوەتەوە، کەچی لە ئەنجامدا هەر بۆنەتەوە دەولەت. لە فەرزی یەکێکی لەوانە نۆتامیش بێ لە ڕێی ئاوی میللەتێکی داگیرکەرەوە، میللەتە داگیرکەرەکە بۆ خۆی بۆتە دەولەتی لە شوێنی ئەو. کورد هەرچەند بەو ڕەوانە نەشفۆتاوە هەر نەبوە بە دەولەت. هەر سێ ناوچەی دەورەی کوردستان لە هاڵێکدا حاکم گۆڕێ تێشیان کردبێ بەرو بۆ مەی کوردستانیان بۆخۆیان کێشاوە، عامیلی ئابووری کە بە نیسبەت کوردستانەوە «لەبەر ڕۆیشتن - ئەنزیف» بوە، لەو سێ ناوچەیەدا «ئەقلی خۆیی» بوە بۆ ناو شادەمارەکانیان؛ واتە خوێنی «ئابووری» کورد ڕۆاوەتە دەمارەی دراوسێکانی. کوردستان وەک کانیاوێک بوە لە سێ جۆگەلەوە ئاوی لەبەر ڕۆیشتوە و ئیمکان نەبوە پێی بێ. ل ٣٨٧ - ٣٨٨ - ٣٨٩. - کارەسات و گوزارشات و چەند و چۆنێتی ناوخۆیی کوردی بیانخەینە ژێر ناونیشانی «خەباتی چینایەتی» چ ناوێکی دیکە بدۆزینەوە، وەک من کە دەڵێم «پەلەی ژیان» و ئەو ناوە بکەی بە عینوانی کارەسات و گوزارشاتەکە، ئەفسێرەی پێک نەهاتنی کیانی کورد ناکەن: چارەنوسی کورد بە دەستی گوزارشاتی ناو خۆیی کورد و کوردستانەوە نەبوە، بە دەستی هەڵکەوتێکی بەکجار نالەبار بوە کە مەودای نەداوە کورد بێتە بە خاوەنی هێز و کەرستەیێکی ئەوتۆ ڕێگە نەفت کاو زەرف دروست کا بۆ بۆ پێک هێنانی فەرمانڕەوایێتی و هۆکمڕانێتی: ئەو «ئەنزیف»ە ئابوریە کە داهاتی کوردستان، بە بەرهەم و سەرمایەوە، ڕاگوێستوە بۆ ناو دراوسێکانی و دەگونجێ پێی بڵێین «نقل دم اقتصادی» هەرگیز ڕێی ئەوەی نەداوە هێندە سەرمایە لە کوردستاندا عەمبار بێ بایێ فەرجێ دەسەڵاتێکی حکومەتی بکا، لەوە هەر گەڕێ کە نەیتوانیوە چالاکیێکی تاڵ و گۆڕ و بازرگانی لە نێوان کوردەوارێ یەیدا کا و هەستێکی بەرژەوەندی مادی «مشترک» یان بخاتە دڵ و مێشکەوە، کە ئەمە سەرەتای مەفهومی دەولەتی قەومییە بەڵام میللەتێکەوە و لە هەموو ڕوێکەوە جیا دەبێتەوە لە چەوڵ و ئەقەللا و باڵەوانیازی تاکە ئەمێرێک بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تایبەتی بۆ خۆی و خزم و دەسی و پاوەندی نزیکی خۆی. زۆر جاران دامەزراندنی دەسەڵاتی وا ئەسک و ئەروسکی شەفستی، یا خود خانەوادەیێ، لە مەفهومی حکومەت دەردەچێ و دەبێتە چەند گەورەی بەسەر خەلقەوە، ئەنانەت زۆلم دەگاتە ڕادەیێک کەس بەرژەوەندی نەتانی دەسەڵاتەکەی نامێنێ. هەر ئەیک فستن و دام و دەسگایێک لەسەر بنجی بەرژەوەندیێکی فراوان هەڵ نەستێ کەلکی ئەوەی تایبەتی لە سەقد و چاکەی خەلق زیاد کا. ل ٣٨٩ - ٣٩٠. - ئەو نەزەرییەی دەڵێ لەگەڵ پەیدا بونی «چینی» حکومەتیش پەیدا بۆ تاکو چینی سەرەوە بتوانێ چەوسانەوەی چینی ژێرەوە بۆ سودی خۆی بەردەوام کا، ئاکام نەزەرییە لە مێژوی کوردا یەکجارە کەمە وتوە و هیچ ئەفسێرێکت بۆ ناهێنێتەوە پێی ڕازی بێت لە پەیدا نەبونی کیانێکی کوردی، چونکە هەزاران ساڵە ئەو چینانە لە کوردستاندا هەن نەشبۆن بە هۆی دروست بونی حکومەت. من خۆم لەو باوەڕەدام ئەگەر مەبەستی چەوسانەوەش لە بەیندا نەبێ، مرۆڤ کەگەیشتە پلەیێکی هەڵکشاوی ژیار «حضارة» حکومەت دادەنێ و دەسەڵات ڕێک دەخا با هەموو خەلقیش وەک بڕا وا بن. پێک هێنانی هۆی ژیان و پێشکەوتن لە پلە یەک لە دوا یەکەکانی گۆڕان جا خوازی بونی حکومەت دەکا چەوسانەوەی لە بەیندا هەبێ یان نەبێ. بەوەندە باوەڕەش «اکتفا» ناکەم؛ بەڵام ڕای منووە ئەگەر بارەی ئابوری یارمەتی مرۆڤ نەدا بۆ چێ بەچێ کردنی داوا و ئەرکی تایبەتیەکانی «دەسەڵات - حکومەت» نە بەرژەوەندی تێکڕای کۆمەڵ، چی جایێ تاکە چینێک، نە پێویستیەکانی

پلەی گۆڕان و پێشکەوتن، نەزەبری کۆنەک ناتوانن حکومەت دانێن و سپا و پۆلیس و کاربەدەست بەڕێوەبەن. نەبوونی ئابووری گەشەدار وادەبێ حکومەتێ دروست و مانادار دەرنەچێ، هەڵبەت ناهێڵێ لە نەبوونی حکومەتی دروست بێ. ڕەنگە لێم بدەنگ بێ و بڵێی بۆچا بوونی چێبن لە کوردستاندا حکومەتی پێک دێنا ئەگەر بێگانە لێرە گەڕابا، بەڵام بە هێنانەوەی ئەو نەتەوەیە بۆ بۆچا نەبوونی حکومەتی لە کوردستاندا ناتوانێ هەمان نەتەوەیە بۆ بۆچا نەبوونی حکومەتی لە «حجاز»ی پێش ئیسلام و سەرەتای بۆچا بوونی ئیسلام، فۆ دەی مێکیش بۆ چێنەکان هەر لە عەبدەوە تا بازرگان و خاوەن زەوی و سەرەک عەشیرەت لە کاردا بوون، هێچی داگیرکەر و هێرش بەرپێش بەسەر هیجازدا هانو چۆیان نەدەکرد و میللەتەکەیان پامال نەدەکرد تا بڵێی وەک کوردستان ئەوپێش بێگانە لێ ئەگەڕا حکومەتی دروستکا. وەک من نێی دەگەم هیجازی ئەو سەردەمە دەمات لە ئەنجامی پێش کەوتنی ئابووری و ژیاریبەوە، ئەک بەهۆی بۆچا بوونی چێنەوە، بگا بە بڵێی دامەزراندنی حکومەت. خەڵکەکەی هەریەک بوون لە دەور و پێشتی «کعبە» و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی «مکە» بە تایبەتی ماڵی «ابوسفیان» هۆزێکی زۆر دەستنا قسە ڕۆیتو پێک بێنن. «دار الندوة» ش بەرەو ئەوە دەچوو کە سەرانی حکومەتی لێ بێ. بەڵام هێشتا مەودایەکی ئەوا وایان مابو بنگە و دەسگای «رسمی» دانێن. نەزەریە بۆچا بوونی حکومەت لە ڕێی بۆچا بوونی چێنەوە چونکە پێشکیشە لە واقیعی مێژوویی بەوە هەڵ ئەستاوە ئەنجامەکەشی ئەوە دەرناچێ کە نەزەریەکە چاوەڕوانی دەکا! بە پێی موژدە و بەڵێنی نەزەریەکە، بەوەی بەرەو کۆمیونیزم لەو وەڵامەدا کەوا شۆڕشی سۆشیالیزم نێیانداوە، دەبوا دەسەڵاتی حکومەت کز کاتەوە تا بەتەواوی دەی نوێنەوە و نامێنێ، کەچی هەتا دێ ئەو دەسەڵاتە حکومەت زیاد دەکا و ڕێگای خراپەکانی پەرە دەسێنن و وردە وردە میللەتەکە هەمەقی دەبێ بە حکومەت، وانە پێچەوانەی بەڵێنی نەزەریە دێنە دی. ئەو نەوچیەشی کە بڵێ فەرق نیە لەوەدا حکومەت ببێ بە میللەت یا میللەت ببێ بە حکومەت کەم و زۆر خزمایەتی نیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی نەزەریەکە، چونکە نەزەریە دەڵێ «سلطە» نامێنێ و میللەت بێ «سلطە» فۆ بەرتەوە دەبا. نەمانی «سلطە»ش وەک بەدیهیە لەناو نەزەریەکەدا چونکە گوتی لە هەوە لەوە «سلطە - حکومەت» بۆ تا کە مەبەسی چەوساندنەوەی چێنی خوارەوە بۆچا بوە، دیارە نابێ «سلطە» بمێنێ کە «چین»ی نەما یاخود چەوساندنەوە نەما. من لێرەدا عەیب ناگرم لە دامێنەری نەزەریە چونکە ئەو بە پێی تێگەیشتنی فۆی و چاوە نۆڕ کردنی لە ڕەوتی مێژوو بەسەر ڕێ بازی خەباتی چێنایەتیدا چێ بە راستی زانیوە ئەوەی بە ئێمە گوتوە، ڕەنگ بۆ ئەگەر بۆ فۆی ڕابا تا بە چاوی فۆی دەبێ بە واقیع شتێکی هودایە لە ڕوالەتی فەرمانی نەزەریە، وازی لە نەزەریە کە بهێنا بۆ واقیع. گەلە بێ بکرێ لەو کەسانە دەکرێ کەوا بتیر و باوەڕیکی لە سەرەتاوە ناوی «علمانی» و «مادی» لە فۆ ناوە دەیکە نەوە دینێکی نوێ کە ناڵێ هەڵەی تێدا بێ. نەزەریەکانی مادی بەر لە هەمەق شتێک جلی «تقدیس»یان لە بەر عەقیدەکانی لێرە بە پێشەوە دارێژن و بە خەڵقیان گوت ئەو بیتر و باوەڕانەی بە زادەی ئاسمان و فریشتە و بێ پەلە و گەرد دادەنران لە چلکنترین سەرچاوەی مادیەوە هەڵستاون، بەدوای ئەو گوتنە بەدا چەکو چیشیان دادەست خەڵق کە وەرد و خاشیان بکەن. دەرجا کە ماڵ مابێ بۆ دەبێ مەرۆڤێکی «علمانی - مادی» لە عاست بیتر و باوەڕی «علمانی - مادی»دا سەر لەنوێ بیتەوە سوفتە و دەروێش و لە نقەکە وە ئەفسانەیەکی دەی سکردی «مادی» بکا بە خەرمانەی تقدیس لەدەوری باوەڕ و نیگا و تصوری ئەک کە فقەی لەدزی عەیب و شقدیسە؟ ئەم «تناقض»ە فکریەی «داخلی - ناوەکی» بۆ بکرێ بە کۆڵەگەی فلسەفە؟ ئاوانبار کردنی ڕەخنەگرتن لە فلسەفە یەکی کە فۆی لە بنەڕەتا ڕەخنەگرتنە لە هەر چی باوەڕێکی عەیبی خۆیەتی، ڕاستی وەک ئەوەیە کابرایەک بڵێ من مرۆڤێکی زۆر بەڕەحم هەرچی پێم باوەڕ نەکا لە گەرەتی دەدەم؟ فلسەفەی مادی کە بەوە بناڕێ خەڵقی ڕەسانەوە لە ئەفسانەی (تقدیس و پاک سروشتی) ئابێ بە بێڕەوکانی بێنێ و پێیمان بڵێین «فەرمون کرنۆ ببەن بۆ ئەم فلسەفە مقدس و پاک سروشتی»! بەڵامی منەوە ڕاستی لە هەمەق نەزەریە و بیتر و باوەڕێکی مقدس سترە. ل. ۳۹۰ - ۳۹۱ - ۳۹۷ - ۳۹۳. — مافی ئەتەوایەتی هەرە گرنگی میللەتی کورد کە دامەزراندنی حکومەتە لە سەرانسەری کوردستاندا، ئەم مافە کە ئەکەوتە دەستی میللەتی کوردەوە سەقەتیکی ئاغا و مەلا و شێخ و زەبەج و عەمەری کوردی تێدا نەبوە، نەللاح و کرێکار و کەسوبی کوردیش لە وەدا گەناهبار نین. بەڵامی باوەڕی منەوە دامەزراندنی کیانێکی کورد لەو زەرفە مێژوییەی کە کوردی تێدا وباوە کارێکی بوە هێندە زەحمەت وەک «مستحیل» وابوە. هێزی میللەتی کورد بە هەمەق مرۆڤی و سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەقافی و گیانی نیشتمانیەوە وەرییەوە بخەڵدیکەوە و هێزی بەرهەڵستی کردنیش لە پێکهاتنی ئامانجی ئەتەوایەتی کورد بە هەمەق بار بکیەوە بخەڵدیکی ئەوە بێ گومان هێزی بەرهەڵستی گەلێک زیاتر بوە لە هێزی کورد. بەرهەڵستییەکەش هەر ئاکجاری نیە، هەڵبەت ئەو دەو لەئانەی کوردیان ژێر دەست کردوە بەر لە هەمەق بەرهەڵستەکان دێنە بەرچاو، بەڵام بە پێی باوەڕی من لەماوەی دوور و درێژی چەند هەزار ساڵەی مێژوو یەکەم بەرهەڵستی زێدە شێرە بارەی ئابووری کورد بوە بەوجۆرە بۆم باس کردی. دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دەهاتن و دەچوون، بەڵکیان دەفۆتا یەکێکی دیکەی دەهاتە جێ. لەو سێ ناوچەی دەوری کوردستاندا چەند تێن جار دەوڵەت گۆڕاون، هەر جارە بەهۆی بوونی ئابووری ئەوەوە حکومەت بەرتەوە بیا یا داگیرکەرەکە هوکمڕانی کردوە یاخود میللەتی ژێر دەستەکە سەر لەنوێ دەسەڵاتی گرتۆتەوە دەست خۆی: پوختەی قسە ئەوەیە وەزعی لەبارەی ئەو سێ دراوسێیە کوردستان بەدرێژایی مێژوو

بوە بەهۆی ئەوە بە دانیشتوی هکومەتی نێودا بێت. ئەگەر هێزی لە وەکو «جانبی» هکومەتی یەکی لەو یارمەتی بژوهێنێتی بە پێی دا هنوازی ئەو وەزعە لەبارە سەر لە نوێ دەسەلاتی هکومەتی دروست کردنەوەی نێودا کۆدەبێتەوە. سەرنج لەوە بگرە ئەو داگیرکەرانەی کە دەهاتن و لە بابل و ئەشوور و ئێران هکومەتیان دروست دەکرد جارێک لە جاران کوردستانیان نەکرد بە ناوچەی هەرکەمتر انەی خۆیان، بێ گومان هەمان سەبەب ئابووری کە ناوم نا «لەبەر رویشتن - نزیک - ی ئابووری» داگیرکەرەکە کوردستانیشی هێندە بێ هێز دەکرد نەتوانێ هکومەتێکی بەردەوام بژێوە بێ. سەیر ئەوە یەمەن بکە: کوردستان چەند کەوتۆتە سەر هەندێ هەموهێزل و هاتوچۆی ئاریا میانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، یەمەن ئەوەندە لە ئەرتێک و دور لە ناوی ئاریا نەبوە، بەو پێیە دەبوا بە درەنگەوە بنوا نایەت و شیاوی دامەزراندنی هکومەتی هەبێ، کەچی بەهۆی ئەوەوە بەرو بوم و داهاتی بە شکلی «نزیک اقتصادی» لەبەری نەژوی پیشتوە و نەژاوەتە وەلاتی تری وە، لە ناوخۆیدا بوە بە هۆی چالاکی ئابووری بەرەو زیادبوون لە ئەنجامی کاردا هەرمان بۆنی داهاتی کەمی ئابووری لە ناوخۆی، بێجگە لە داهاتی هکومەتی بێ داوە بوە بە خاوەنی هکومەتی. بەلام منەوە ئەمەیە هۆی بنجی لە چارە نوسی یەمەن، عامیلی دیکە کە هەبێ، هەمیشە، بەدوای ئەودا دێن. یەمەن دەوڵەتی دەریایە و لە دیتکیشی بیابانە، خاکی کە یەشی وەک خاکی کوردی بەپیت و بەرەکەتی نی، ناوناوە بێگانە داگیرکەر کردوە بەلام زەرفی ئابووری یارمەتی داوە لە هەموی داگیرکەرێک رزگار بێ. وەک یەمەن هەبەشە و بۆنان و گەلێ وەلاتی تریش عەمبار بۆنی داهاتی ئابووری نیبیانوا بوە بەهۆی یەکەم لە پێک هێنانی هکومەتەکانیان. قەناعەتی من ئەوەیە ئەگەر یەک لەو سێ وەلاتە درواسێ بە هێزی کوردی چۆل با، با بلێیم یا دەریا یا بیابان یا شاخاویەکی ئەوتۆ یا دەسنی نەدابا بۆ نێودا هەوانەوەی هکومەتێکی گەورە، کورد لە دەیکەوە دەگەیشتی بە مافی نەتەوایەتی خۆی. من لەو باوەڕەدام، دەمێکە لە نێوان کوردا ئەوەندە هۆش و گۆش و خوێندەوارە و هەستی نەتەوایەتیی هەیە ئەگەر لانی ئابووری یارمەتی دابا هکومەتی چەسیاو و دانیشتی لەسەرانسەری کوردستانوا پێک بێنێ، لانی ئابووری لە دەرکە، لە هەموی رووێکی دیکەی لیاقەتی هکومەتی دانانوە بەراوردی کورد بکەی لەگەڵ یەمەن و هەبەشە کورد پێش کەوتووتر بوە. ئەو بەگەلگ و هوکمداریی لێزە و لەوێ بۆ ماوەی کورتی کورتی لە کوردستانوا پەیدا بۆن، بێ گومان، لەیەمەن رێک و پێکتر بۆون. من کە یەمەن و هەبەشە بە نمونە دێنمەوە دەمەوێ لە واقیعی هیوانی کۆن دور نەکەوەوە دەناوە نوانم «ئەزنێک و ئینکا» ی ئەمەریکای سەرو و خوارو بکەم بە نمونە، کە لە هەر دوانوا هکومەتی پێک هاتبو سەدان سال بەر لە دۆزینەوەی ئەمەریکا و پەژینەوەی ئەوروپا بیابان بۆ ئەوە. هێچی کامێک لە ئەزنێک و ئینکاو «Mayans» کە سێ گەلی هەرە پێشکەوتوی هیوانی نوێی بۆن، هێشتا نەبان دەزانن خوێندن و نوسینی چیە، لەلانی پێر کردنەوەی ئەوەی فەلسەفیشەوە، کە مەلاکانی کورد هەزار ساڵە بە دەرسی دەڵێنەوە، ئێکزاکی دانیشتوەکانی ئەمەریکا لە گرووگالیکی منداڵانە بەولاوە نیبیە زبان نەکردبو. جارێکی دیکەش نزیک کەوتبێتەوە لە کوردستان و، ئەمەنەکان بە میسال بێنینەوە کەوا لە زوتیکەوە هکومەتیان بوە لە ئەرمینیا! ئەوسا واتە لە مێژوتیکی کۆنوا، دەورە نەدرا بۆن بە هێزی گەورە، شاخەکانی قەفقاس شۆرە پێکی مەیلە و بێ مەنفەزی لە پشتیانەوە دروست کردبو، تا رادەی پێکیشی دۆ دەریای خەزەر و رەش هەی و راستیانی ئاستوەدە کردبو، خولاسە ئەو مەرجانەی کە بە بێری منداد دێن بۆ پێک هێنانی هکومەتی و لە کوردستان نەبۆن، بەنسبەتی ئەرمەنەکانەوە هەبۆن. بەپێی باوەڕی من ئەوان لە شوێنی کوردان بان وەک کورد بێ هکومەتی دەبۆن، کوردیش لەجێی ئەرمەنەکان باوەک ئەوان هکومەتی دەبو. لەئەرزی میاوازیشی هەبا لە بەینی کورد و ئەرمەنی لەرووی تایبەتیەکانی سەتافیبەوە و لیاقەتی ئەوان زیاتر بۆبا لە کورد بەهۆی ئەو تایبەتیانەوە دیسانەوە هوکمی واقیعی کوردستان خۆی فەرز دەکرد بە سەریانوا و فەرقەکی سەفافتی بێ بایەخ دەکرد، یاخود یەکی دەفەستی. من لە لای ئابووری مەبەسم گوزەرانی ئەمەر و ئەژیانی «کولەمەرگی» نیە، بەلکو ئەو داراییی و سامانەیە کە هکومەتی و دەسەلات بەخێو دەکا و لە گوتیرەی پێداویستی وەزعی کوردستان کە لەهەموی لایەکەوە دەورە دراوە بەهێزی گەورە سیاسی بەرگری پێک دێنێ، دەتا ئەگەر ئەو زاهیرەیەی لەبەر رویشتنی «نزیکی» ی ئابووری ئەبا کە ئەیهێشتوە سامانی گەورە لە کوردستانوا کۆبێتەوە، خاکی کوردستان بە زەوی و ئاوی زۆریەوە و هەموجۆرە داماتەکانی سروشتی و ئاژەڵیەوە دانیشتوی خۆی باش بەخێو دەکا و ئەوەندەش ئاماده یە کەوا لەگەڵ رووتی بەرەو پێشەوەی کورد سەرچاوەی ئازەی گوزەران بە دەستەوە بدا. بەلام بێ گومان گوزەرانی سالانی سەروبەر نابێتە چاوگی هێزێکی هکومەتی بێ دابەمە زرتی کە ئامانجێکی گەلێک بەولای گوزەرانی عادەتیەوە. رەنگە مبالغە نەبێ لەوەدا کە دەڵێم لە سەرانسەری کوردستان بانگێک بە بارەی کورد دانەمەزراوە و پەردێک لەسەر ئەوکی کورد بەسەر زەی و روباریکەوە نەکراوە، پەرەی پێکی گەورەی کشتوکاڵ و هۆگەلێ دان لە کوردستانوا رێک نەخراوە، لە چەند جێگەیەکی مەیلەو شار نەبێ کارگە و پیشەسازی بچوکیش نەبوە بەرهەمی «عملی» بەکار بێنێ. خولاسە سەرمایە لە کوردەواریدا پەیدا نەبوە تاکو ئاوی ئاریا خۆی بچێنێ بۆ ناو شتیازەی کەمەلایەتی گەلی کورد و بەپێی دا هنوازی سروشتی خۆی کوردان بە یەکی بەبەستێنەوە لە رێی پەیوەندی ئابووری گشتی فراوانەوە کە زوربەی گەلی کورد نیی پەیدا بەشداربن و لە دەورەی بژالتین و بەرهەم زیاد کەن. راستیکی مەعلومە نۆنی بەرزەوەندی گشتی بە نیی پەیوەندیکات هەستیکی ئیکزایی دروست

دەکا، هەستێکی چاوکرایەوە و فاوەن خواهشت و ئامانج، نەک هەستێکی عاتیفەتی زۆرت کە ئەگەر بشکە وتێتە بزۆتنەوە ئازانتی هەنگاو هەڵێنێ و تەقەللای خەلف ئاراستە کا و بەرەو هەدەفێک ئەقەللاکە لێ خۆرێ. گێژ و گرفتی گەورە لە پێش مافی ئەتەوایەتی کورد بەجێ ئەبێتی بەرژەوەندی ئابووری گەورە و گشتی زوربەی کوردە بەر لە هەموو شتێکی دیکە کە بستێنە بەرهەڵست، بەدوای ئەودا بقۆنی هێزی زلە لە دەورەی کوردا کە بەرهەڵستی کردوە لە پێکهاتنی دەسەڵاتێکی کوردی. ئەم بێژ و باوەڕی من دەفتەری چەند هەزار ساڵەی کورد دە خوێنێتەوە نەک هەر رێکەوتن و ئەدەبیاتێکی ئاک: هوکمداریتی کورد بەجێ بوە و راستەوخۆ لەلایەن شاهە نشاهە و سوڵتانێکەوە تەخت و نقۆ کراوە. دیارە هۆی گونومش لە ناو چوونی هوکمدارەکە دەگەڕێتەوە بۆ چارە نوسێکی گۆنتر و فراوانتر لەو چەند ماتگ و ساڵەی هوکمدارە کەی تیدا راست بۆوە و رۆژهێنرا: وەزعی مێژوویی «لەبەر رۆیشتنی - تەریف» ی ئابووری چەند هەزار ساڵەی کورد لەگۆڕەوە بزیاری لە ناو چوونی ئەو هوکمدارەی داوە. لە ناو نەچوونی هوکمدارەکە شتێکە دژی بزیاری واقیع یا خود مێژوو. لەم مەیدانە زۆر کۆن و فراوان و ئۆقەی هەڵئژانی خوێنی کوردە کە داهاتوکەی بۆ ناو رشتەی خوێنی دراوسێکانی، گوزارشاتی بچوک و ئەسک و مەحدودی رۆژانەی ویانی کورد دەخلێکی بەکار کەم و بێ ئەئستیرەی هەبوە، یا هەر نەبوە. نە خەباتی چینایەتی و نە پەلەی ئژیان و نە ناکۆکی ناو چینەکان هێچیان بارە نوسی کوردیان مۆر نەکردوە. جگە لەو بارە ئابووری یەکجار نایەتی کە لەناو کوردا هەبوە هەرچی بارێکی دیکەی تیدا هەبێ لەناو میللەتەکانی دراوسێی کوردیشدا هەبوە کەچی نەبۆتە بەرهەڵستی لە گەڵ پیشتنیان بە پلەی دروست کردنی هوکمی قەومی ا هەڵبەت ئەگەر کوردیش هەر بە قەدەر ئەوان دۆچارەی گێژ و گرفت و بەرهەڵستی بوبا لە رەوتی سیاسی بەرەو دروست کردنی «کیان» دەبوا ئەویش بگەیشتایە ئەو ئەنجامە کە ئەوان پێی گەیشتن. ئەو کورد سیحری لێ نەکراوە زێدە لە میللەتان. ئەوەندەی دتبینم نوسەرێکی مادی لە بارەی مەوزوعی سەر بە کوردەوە نوسیبێتی هەر لە رێی بازە کلاسیکیە ئەزەریەکانی مادیەوە بۆ مەوزوعی چوە و مانای بردۆتە بەر پلەی گۆڕان و هۆی بەرهەم «وسیلەی ئنتاج» و فیۆدال و بۆرجوازی، خەرێک بوە لە یەناو یەستیان بەلگە بخۆزێتەوە، واش بوە بەلگەی دروست کردوە، بۆ ئەوە مێژوی کورد و کۆمەڵایەتی کورد بیشی وەک هەتا هەمۆ جیهان راستی ئەزەریەی مادی تیسپان بکەن، لەوەدا هەر دەڵێی مەبەستی ئەسلی ئەوەیە کورد و مێژوی بکرێتە بە فرمە ئکاری ئەزەرییە نەک ئەزەرییە بیبێتە فرمە ئکاری کورد. لەو ئەزەرە نوسینانەدا زۆر جار دیقەمە، کە ئەزەرییە پێویستی بۆ، قورباتی بێ ستوچ و ئاوان لە ئەرز دراوە بۆ سەپاندنی راستی و دروستی فەلسەفەی نوسەرەکە ئیتر بەپێی داهوازی ئەو سەپاندنە ئاقمێک لە چینە ئاوان بار بەلای نوسەرەوە ریسوا کراون و ئابڕۆیان بوە بە رەنگی ئەو ئەقشە هوانە کە رەوا لەنی فەلسەفەی بێ ئارایشت دراوە. وابوە نوسەرەی ئەو نوسینی، لە نرسی بریندار کردنی هەستی قەومی خەلف، ئەلە مەکەی هەڵەنگاوتنە لە ئارەمانێکی قەومی کە دەرە بەگێڵک یاخود پیاوێکی ئایینی بوە، بەڵام دە جاران تۆڵەی ئەوەندە هەڵەنگاوتنەی سانڕۆتەوە لە فیۆدال و پارەدار و فاوەن ناو و شۆرش کە بەپێی باوەڕی خۆی دەبێ «غائی» بێ لەبەر «انتمای طبقی» یان، بالە واقیعدا غائیینیش نەبن، هەر بەو رێبازە کلاسیکیانەدا تحلیلی مێژوی کوردیشی کردوە و بستوەتی ئریانی «عقلی» کورد بکاتەوە بە ئامرێنە بۆ ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد، ئیتر لە بەیتێک نیشکی دەرەبەگی و لە گۆرانیێک خەباتی چینایەتی و لە مەتەڵێک زرینگەی دراوی بۆ بطانە سەر کاغەز و بیت بکا ئەمەش بەلگەی راستی و دروستی فەلسەفەکەم کە وا دلۆپ دلۆپ لە واقیعەوە دەژوێنە ناوبەوە. باوەڕم نیە هێچ فەلسەفەیێکی ناودار و نامراو بۆ خۆی هێندە تەسک بێ کە بەم جۆرە محتاج بێ بە تەسک کردنەوە و وێنک هێنانەوەی مێژوو. بەشی زۆری وە ئەنگ هاتنی فەلسەفە لە تەعلیلی واقیع و رۆداو گوناهی ئەنگتی نیگای یەتەوەکانیشی. هەندێ جار کورن بیینی نوسەر لە گێژانەوەی رۆداو بۆ سەر چاوەی «چینایەتی» وا لادەکەیەنی سەرانسەری ئادەمزاد یەک هۆزە، هەندێکی خوێنمژ کە تیکڕایان دوست و شریکی یەکدین لەو خوێنی مشتنەدا، هەندێکی خوێنی مژراو کە ئەوانیش هەموویان دۆست و هاوشعورەی یەکدین، ئیتر خەرێک دەبێ لەو کولانەی وەک کونی دەرزییەوە قاقڵە و قەتارەی مێژوو تێپەڕ بکا لە حامقرابیبەوە بۆ سەردەمی لقمۆمبا. حەز ناکەم ناوی کەس بێنم! ئەوەی دەیڵێم لە زۆر نوسینەدا دەیخوێنیتەوە. ل ٣٩٣-٣٩٤-٣٩٥-٣٩٦-٣٩٧-٣٩٨-٣٩٩-٤٠٠-٤٠١. - لە ئەرێکی و بێ پەوەندی و ئەبۆنی تێکەڵیێکی ئابووری بەهێز لە میانی ئەمسەرەی و سەری کوردستان کە لە مێژوی کۆنەوە ئەو دەورە ژلەی بوە هەمۆی کز دەبێتەوە لەبەر ناوی رادیۆی شرانزیستۆر و رۆژنامە و چاپەمەنی و فنزۆک و دەمەتەقەی میللەتە یەک گرتووەکان «لە راستیدا یەک نەگرتووەکان» و سەدان هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی سەرانسەری جیهان نەک هەر کوردستان، ل ٤٠٣-٤٠٤. - خۆرەناک کردنەوە بە چیرای دوێنی کۆنەپەرستی بێ فتروفێڵە. ل ٤٠٤. -

— حاجی قادری کۆیی - بەشی یەکەم - مەسعود محەمەد - بەغدا - ١٩٧٣، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد. - ٤١٤ لاپەڕە.
دیاری سەرەتاکانی لاپەڕەی کوردە بۆ دوا ڕۆژێکی ئازاد.